وردیله چیرۆک

# ئاخ گەورەکان!

**حەمەفەریق حەسەن**

**شوورەی شلۆقی نیشمتان لەوەزیاتر بەرگەی نەگرت و وەختێکمان زانی سەدان سەربازی دوژمن بەچەکی نوێی زەیتکراوەوە، بەباگێژەو گەواڵە تۆزەوە ورووژانە کۆڵانەکانە تەنگەکانی شارەدێ.. پاکیزەکان ڕوویان لەخۆڵەکەوە هەڵکیشاو لەچکی ڕەش و شینیانکردو... لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چۆقەی ددانیان دەهات. لە... خێرا خێرا بەگەرووی وشکەوە زمانیان بەلێوی ڕەنگپەڕیویاندا دەهێنا، وەلێ بەربینیان چون... هەرزەکارە جێماوەکان لە کایەندا چاوەڕوانی چارەنووسیان بوون و هەندێ بەنیازبوون شەو لەچەمەوە... لەو شارەدێیە بێخاوەنە شڵەژاوەدا، بۆ کەسێکی سەرو زمان شیرین دەگەڕاین کەوتبێتە ساڵەوەو لە زمانی هێرشبەران حاڵیبێ و زاتبکا لەگەڵیانا بدوێ، بەڵام نەبوو.. ئەو ڕۆژە نەپەرژاین ئاژەڵ دەربکەین و لەناو شارەدێدا بەیەکدا دەهاتن. کوورەی هەنگیش بەیەکدا ئاڵۆسکان، کۆترو قومرییە ترساوەکان، تریقەی پێکەنین و زەردەی لێوان فڕین و کەس نەیزانی ڕووەوکوێ سەریانهەڵگرت. تاژی و سەگەل کلکی کلافەیان خزانە نێو گەڵیان، لمۆز لە حەوا، مینا گورگی برسی دەیانلووراند.. نا، ناوی کەسمان بیرنەما. ناوەیلە گەورەو بریقەدارەکان بەجانتای ڕەشی پڕەوە پشتیان تێکردین و پەنیان پێداین. لەپڕێکا شارۆچکەکەمان بووبە قەدەغەی ئەوان و ئێمەی بێکەس و بێدەریش بووین بە ئەڵقەیەکی باریک لە پەنجەتووتەیان.. ئێواران ئەفسەرێکیان بەتاج و ئەستێرەی سەر شانییەوە، بەجلکە سەربازییەکەیەوە، کە لەڕەنگی زەلکاو دەچوو، سینگیشی کردبووە تابلۆی میدال و نیشان، کاتێ بێباک و بەوپەڕی ڕالەخۆبوونەوە، لەگۆڕەپانی ناوەندی شارەدێدا، لینگی فشدەکردو قورسایی خۆی دەهاویشتە سەر کەمەی گۆچانە حەیزەرانەکەی، لە سێدارەیەکی هەڵخراو دەچوو.. ئاخ گەورەکان، ئەمە سەری چەندەم جارە پەنمان پێبدەن؟**

March 21, 2007